# شیکردنەوەی پێناسەکەم بۆ دەسەڵات

**بژار**

" هەبوونی هێز و بەکارهێنانی بۆ سەروەری " , ئەمە ڕێك ئەو پێناسەیەیە کە بۆ دەسەڵات هەمە . ووشەی سەروەری بەجیا , لەوەی کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر , بە پێی سەردەمەکان و چۆنیەتی گەلاڵە بوونەکان , ئاڵوگۆڕی جیاواز لە خۆی دەگرێت ,, هەمیشەش کۆمەڵێك توخمی بنچینەیی دەچنە پرۆسەی پێکهاتنیەوە . لە مەیدانی عەقڵ سالاریدا , سەروەری مرۆڤ هەمیشە لەسەر بناغەی ناسەروەری بەرانبەرەکەیەوە بنیات دەنرێت . واتە لە بەرانبەر هەموو سەروەرییەکدا , لە دووتوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا , ناسەروەرییەك " زەبوونییەك " , بە لانی کەمەوە , بوونی هەیە . ووشەی ناسەروەری , هەر لە دۆشدامان و خەفەت خواردن و داماوی و بە تەنگ هەڵهاتن و نائومێد بوونەوە , دەست پێدەکات هەتا کۆنترۆڵ کردن و چەوساندنەوەی هەمەلایەنە . لە خودی ئەم سەروەری و ناسەروەرییەدا . عەقڵ وەکو توخمێکی کارا " چالاك " لە هەڵسووڕاندایە . عەقڵ لای خاوەن دەسەڵاتەوە , کە سەروەرییەکەی خۆی بە شێوەیەکی دیاری کراو و بە پێی بڕی دەسەڵاتەکەی مسۆگەر کردووە , چابووکانە کار دەکات بۆ بە ئەنجام گەیشتنی خواستە دەروونییەکانی . لای دەسەڵات تالانکراویشەوە , عەقڵ نەخشەداڕێژەری خۆپارێزی و ڕاوەستان و بەرەنگار بوونەوە و ڕزگار بوونە . لای مرۆڤی سەروەر و ناسەروەر , عەقڵ بە پێی تەوەرە بەستنی بە دەوری خۆویستنیانا , دەچێتە خانەی خزمەت کردنی بەردەوامیانەی ئارەزووەکانیانەوە .



ووشەی سەروەری لەم پێناسەیەی دەسەڵاتدا , ڕاڤەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە هەڵدەگرێت . ئەو توخمانەی کە لە ووشەی سەروەریدا خۆیان مەڵاس " حەشار " داوە , توخمگەلێکی زۆر و بە ڕادەیەکی باشیش بەرچاوون . سەرکەوتن و کۆنترۆڵ و ئۆرگەنایز کردن و هەلاواردن و عەقڵ و گۆڕان و چێژ وەرگرتن ,, کۆمەڵێکن لەو توخمانەی لە ووشەی سەروەریدا کۆبوونەتەوە .

سەرکەوتن کە لە جەمسەرێکیدا بە مانای بەدەست هێنانی جێگاوڕێگایەکی باشتر و گەیشتن بە دەستکەوتێکی زیاتر و خستنە ڕووی هێز و کەسایەتییەکی مەزنتر دێت , تێکشکاندنی کەس و لایەنێکی تریش دەبێتەوە بە جەمسەرەکەی دیکەی . سەرکەوتن لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەمیشە لە سەر حسابی ژێرکەوتنی بەرانبەرەکەیەتی . لە هەموو شوێنێکی دنیادا و لە دووتوێی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا , سەرکەوتنێك نابینرێت بە بێ ژێرکەوتنێك لە بەرانبەریدا . هەموو کەسێکی خاوەن دەسەلات , سەرکەوتنی حۆی بە پێی بڕی دەسەڵاتەکەی هەست پێدەکات و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا کردەیی دەکاتەوە . سەرکەوتن لەناو ووشەی سەروەریدا , بەرئەنجامی پرۆسەی خەباتێکە . هەموو سەرکەتنێك ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی سەرکەوتنەکان . لە پشتی هەموو سەرکەوتنێکەوە , مێژوویەکی کورت خایەن وە یان درێژ خایەن ڕاوەستاوە . هەموو سەرکەوتنێك , کاکڵەی وەبەرهاتووی گۆڕانکارییەکە . هەموو سەرکەوتنێك , لە دایك بووی ململانێیەکە . هەموو سەرکەوتنێك , بە چاك یان بە خراپ , جۆرێك لە لۆژیك لەگەڵ خۆیدا دەخاتە ڕوو . سەرکەوتن لە ناو سەروەرییدا , بەردەوامیی خۆی وەردەگرێت . سەرکەوتن هەرچەندە حاڵەتێکی نوێ دەهێنێتە بوون و پرۆسەیەکی " کار " ی تیا یەکلایی دەبێتەوە ,, بەلام سەروەریی , ئەو سەرکەوتنە لە خۆیدا دەمەیەنێ " دەیگرسێنێ " و وەکو بەشێك لە بوونی خۆی " واتە بوونی سەروەری " , بەردەوامیی پێدەبەخشێت .

کۆنترۆڵ کە لە لایەنێکیدا بەشێکە لە سەقامگیر کردنی دەسەلات , لە لایەنێکی دیکەشیدا , بە ڕادەی جۆراوجۆر , کارەساتی دەروونی و دارایی و کۆمەڵایەتییانە بۆ کۆنترۆڵ کراوەکە بەرپا دەکات . کۆنترۆڵ حاڵەتێکە لە نێوانی دەسەپاچە " بێ توانا " یی و بەرەنگار بوونەوەدا . سەقامگیر بوونی کۆنترۆڵ کردن , هەمیشەیی و داکوتراو نییە , بەڵکو کاتییانە و لەرزۆکانەیە . مانەوەی کۆنترۆڵ , پەیوەستە بە کات و شوێن و هەلومەرجە

جیاوازەکانەوە . توندوتۆڵی " پتەوی " دەسەڵات و کۆنترۆڵ , وەك لاوازییەکانیان , ڕاستەوانەن لەگەڵ یەکتریدا . بۆ ئەو کەس و لایەنانەی چوونەتە ژێر باری کۆنترۆڵەوە , ئازار دەچێژ ن و قەبووڵی چەوساندنەوەیەك دەکەن کە داسەپاوە بە سەریاندا ,, بەڵام بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە دەسەڵاتیان ڕاهێشت دەکەن و کۆنترۆڵی کەس و لایەنی دیکە یان کۆمەڵانی خەڵك دەکەن , بەرهەمی سەروەری خۆیان دەچیننەوە . سەروەرییەك کە ئەمان " واتە خاوەن دەسەڵاتەکان " هەیانە , لە سەر بناغەی کۆنترۆڵ کردنی ئەوانەوە " چەوساوەکان " بە دەست دێت . سەرکەوتن چۆن لە ناو سەروەریدا بەردەوامیی پێدەدرێت , کۆنترۆڵیش هەر ئاواو بەو پێیە بەردەوامیی پێدەدرێت . سەرکەوتن و کۆنترۆڵ کردن کە لە ناو سەروەریدا حەشار دراوون , هەمیشە لە ناو خودی ئەو سەروەرییەدا , لە پەیوەندییەکی توندوتۆڵدان لەگەڵ یەکتریدا .

ئۆرگەنایز بوون " ڕێکخستن " لەگەڵ لە دایك بوونی سەروەریدا , لە دایك دەبێت . لە هەمان پرۆسەی دروست بوونی سەروەریدا , ئەمیش " واتە ئۆرگەنایز بوون " ووردە ووردە پێدەگات و دەخەملێت . ئۆرگەنایزبوون یەکێك لە پێکهێنەرەکانی سەروەرییە . خاوەن دەسەڵات لە دووتوێی سەروەرییەکەی خۆیدا , ئۆرگەنایزی هەردوو لایەنی دەسەڵاتداریەتییەکەی دەکات . لە لایەکەوە ئۆرگەنایزی بەرەی کۆنترۆڵ کراو بۆ ڕاوەستان و چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی دەکات , وە لە لایەکی تریشەوە ئۆرگەنایزی بارودۆخی تایبەتی خۆی بۆ هاتنەوەی لەگەڵ مەودای دەسەڵاتەکەیدا دەکات . ئەم پرۆسەی ئۆرگەنایز کردنە , پرۆسەیەکی ئاڵۆز و هەمەلایەنە و لە هەمان کاتیشدا یاسا ئامێزە . هەڵە کردن لە ئۆرگەنایز کردندا , هەڵە کردنە لە پاراستنی سەروەریدا . ئۆرگەنایز بوون بەدەر لە ویستی دەسەڵاتدار , یەکێك لە پایەکانی سەروەرییەکەی پێك دەهێنێت . ئۆرگەنایزبوون , ڕایەڵ کردنی ئەو پەتی پەیوەندییەیە کە سەرکەوتن و ژێرکەوتن بە یەکەوە دەبەستێتەوە . بە واتایەکی دی , ئۆرگەنایزبوون لە سەروەریدا , ڕێکخستنەوەی لایەنی ژێرکەوتووە بە پێی هاتنەوەی لەگەڵ جێگیر بوونی لایەنی سەرکەوتوودا . بردنە پێشەوەی ئۆرگەنایزبوون لە بەرەی ژێرکەوتوودا, کۆنترۆڵ کردنی زیاتریانە . کۆنترۆڵ کردنی زیاتریشیان , سەقامگیر کردنی سەروەری خاوەن دەسەڵاتە . هونەری ئۆرگەنایز کردن , لە دوایین لێکدانەوەدا , هونەری چەسپاندنی دەسەڵاتە .

هەڵاواردن لە دووتوێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە سەرەوە بۆ خوارەوە , حاشا هەڵنەگرە . هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تاکایەتی " چاك بێت یان خراپ " هەڵاواردن لە هەناویایەتی . سەروەری کە بەرەنجامی بەکار هێنانی هێزە لە دەسەڵاتدا ( دەسەڵات بریتییە لە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی بۆ سەروەری ) , بێ هەڵاواردن نە دێتە بوون و نە دەچەسپێت .



هەڵاواردن وەکو بەرهەمی پلەوپایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان , لە پرۆسەی دروست بوون و گیرساندنی جیاوازییەکاندا , ئەمیش " واتە هەڵاواردن " دروست دەبێت و دەگیرسێت . هەڵاواردن , تەنانەت لە نێوان دوو کەسیشدا , کە یەکێکیان دەسەڵاتی بە سەر ئەوی تریاندا هەبێت , ئامادەیی هەیە . هەڵاواردن , بەدەر لە ویستی خاوەن دەسەڵات , لە ناو خودی دەسەڵاتدا , خۆی لوول داوە . ناکرێت لە مەیدانی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا , سەروەری هەبێت و هەڵاواردن نەبێت . هیچ خاوەن دەسەڵاتێك لە دنیادا نییە کە هەڵاواردن پیادە نەکات , لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە لە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتەکەیدان . هیچ ڕابەرێکی حزبیی نییە لە دنیادا بتوانێت بێ هەڵاواردن , ڕابەرایەتییەکەی کردەیی بکاتەوە . هەموو جۆرە دەسەڵاتێك لە دنیادا , بە پێی بڕ و مەودا و پیادە بوونی , ڕایسستانەیە ,, ڕایسستانەیە چونکە هەڵاواردن " جیاوازی کردن " لە هەناویایەتی . هەڵاواردن لە هیچ کات و شوێنێکدا چارەسەر ناکرێت , ئەگەر سەروەری چارەسەر نەکرێت . خەبات کردن بە دژی هەڵاواردن , دەبێت خەبات کردن بێت بە دژی سەروەری . خەبات کردنیش بە دژی سەروەری , خەبات کردنە بە دژی دەسەڵات . دەسەڵاتیش بۆ خۆی , بە یارمەتی سیستمی نوێنەرایەتی و عەقڵ سالاریی , بەرهەمهێن و هەڵگری ئەو تراژیدیایەیە کە مرۆڤایەتی ژیانی تیا دەباتە سەر . هەڵاواردن و سەروەری , ژیان و مردنیان لەگەڵ یەکتریدایە . هەموو جۆرە هەوڵدانێك بۆ سەروەری , هەوڵدانە بۆ هەڵاواردن . هەڵاواردن هەمیشە بنەمای دروست بوونی سەروەرییە .

مەسەلەی عەقڵ و کارکرد وپێکهاتەکانی , بەجیا لەوەی کە ئاڵۆز و هەمەلایەنە و دژوارن ,, دۆزینەوەی شوێنەکانی لە دیاردەی دەسەڵاتدا و لەوێشەوە شیکردنەوەی پەیوەندییە ناوەکییەکانی لەگەڵ خودی ئەو دیاردەیەدا " واتە دەسەڵات " , کارێکی هەروا ئاسان و سەرپێیی نییە . عەقڵ لە بواری دەسەڵاتدا , هەر تەنیا ئامڕازی بالانس پێکردنی دەسەلاتخوازیی و بەدیهاتنەکانی نییە لە مەیدانە جیاوازەکانی سنووربەندییەکانیدا ,, بەڵکو ئامڕازی زیندوو ڕاگرتنی ئەو دەسەلاتخوازییەشە . دەسەلاتخوازیی لای مرۆڤەوە نایەتە مەیدانی پێزانین و پراکتیس کردنەوە , ئەگەر عەقڵ پێ بە پێی پەیدابوون و گەورە بوون و سەقامگیر بوونی " واتە هی دەسەلاتخوازیی " , لەگەڵیدا نەبێ و پەلکێشی نەکات بۆ چوونە پرۆسەی خەملاندنیەوە . لەم

نێوەدا هەر تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە عەقڵ بە بەردەوامیی هەناسە دەبەخشێتە دەسەڵاتخوازیی و بە سنووربەندییەکانیدا تێی دەپەڕێنێت ,, بەڵکو بەشێکی بنەڕەتی هەر یەکێك لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتیشە . یەکێك لە گرفتەکانی ئەم بابەتە لەویادایە , کە لە ناو عەقڵدا سیمای دەسەڵات و لە ناو دەسەڵاتدا عەقڵ هەیە . هەرچەندە بوونی عەقڵ لە ناو دەسەڵاتدا , فرەچەشنە و خوڵێدان و ڕوونکردنەوەدان لە سەری گرنگە , بەڵام گرنگتر لەوە هەبوونی ڕووخساری دەسەڵاتە لە ناو عەقڵدا و چوونە پای قووڵ بوونەوەیە تیایدا .

سەرکەوتن و کۆنترۆڵ کردن و ئۆرگەنایزبوون و گۆڕان و چێژبردن , کۆمەڵێکن لەو فاکتەر و بەرئەنجامانەی دەسەڵات , کە لە ناو خودی هەر یەکێکیاندا عەقڵ ئامادەیە و چاوساغی ڕاپەڕاندنی کارەکانیەتی . لێرەدا و لەم ڕووەوە دەرفەت نییە بۆ چوونە ناو ووردەکارییەکانی ئەم باسەوە بۆ دۆزینەوەی



پەیوەندییەکانی عەقڵ لەگەڵ هەر یەکێکیاندا و پیشاندانی ڕۆڵ بینینی " واتە ڕۆڵ بینینی عەقڵ " لە پرۆسەی چالاکییەکانیاندا و دواتریش کۆبوونەوە و یەکگرتن و چاوساغییان " مەبەست لە عەقڵەکانە " بۆ دەسەلات , بەلام دەکرێت هەندێك سەرنجی کورت و خێرا لەم بارەیەوە بخرێتە ڕوو . لە پێناسەی دەسەڵاتدا کە بریتییە لە هەبوونی هێز و بەکارهێنانی بۆ سەروەری , عەقڵ بە بەربلاوی " فراوانی " لە ناو هەموو کونوقوژبنێکی ئەو پێناسەیەدا ئامادەیی هەیە . لە چەندایەتی و چۆنایەتی بەکارهێنانی هێز و لە هەموو ئەو بەشانەی کە سەروەری پێك دەهێنن , عەقڵ نەك هەر بوونی هەیە , بەلکو توخمێکی چەلاکیشە . ئەم عەقڵە وورد و تایبەتانەی ناو بەشەکانی دەسەڵات , جیاوازە لەو عەقڵە گەورە و گشتییەی ناو خودی دەسەڵات خۆی . عەقڵە گەورە و گشتییەکە لە ڕێڕەوی بەدیهاتنی دەسەڵاتدا , بە شوێن مەرامێکەوە یان کۆمەڵێك مەرامەوەیە و ڕێك لە بەرانبەر گەیشتن بەو مەرام و مەرامانەوە , پرۆسەی چالاکییەکانی دەست پێدەکات و گەلاڵە بوون و دەرهاتنیشی بە ئەنجام دەگات . سەبارەت بە عەقڵە وورد و تایبەتەکانیش , بەدەر لە هۆشیاری بکەر " مرۆڤەکە " , سیستیماتیکانە تێکهەڵکێشی پێکهاتەکانی دەسەلات دەبن . ئەم عەقڵە وورد و تایبەتانە , بناغەی لێوەهەڵسانی عەقڵە گەورە و گشتییەکەن . پێکهاتەکانی دەسەڵات , ئەگەر عەقڵ لە هەناویاندا نەبێت " مەبەست لە عەقڵە وورد و تایبەتەکانە " , دەبنە کۆمەڵێك پێکهاتەی مردوو . لەگەڵ کۆمەڵێك پێکهاتەی مردووشدا , بێگومان نە دەسەڵات دروست دەبێت و نە عەقڵە گەورە و گشتییەکەش . ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان عەقڵە وورد و تایبەتەکان و عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا هەیە , یان بە واتایەکی دی لە ناو پێکهاتەکانی دەسەڵات و خودی دەسەڵات خۆیدا هەیە , پەیوەندییەکی بناغەیی و ژیان ئامێزە بۆ دەسەڵات . عەقڵە وورد و تایبەتەکان لەگەڵ یەکتریدا و هەر هەمووشیان لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا , لە ناو دەسەڵاتدا چۆن یەك دەگرنەوە ؟ لە پێشدا عەقڵە وورد و تایبەتەکان لەگەڵ یەکتریدا یەك دەگرن و دوایی دەچن لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا یەك بگرن , یان هەر یەکە و لە شوێنی خۆیەوە لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا یەك دەگرێت ؟ ئەی عەقڵە وورد و تایبەتییەکان لە ناو خۆیاندا گرووپی بچوك بچوك پێك ناهێنن , تا لەو ڕێگایەوە لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا یەك بگرنەوە ؟ ئەگەر ئەو گرووپکارییە لە ناو عەقڵە وورد و تایبەتەکاندا هەبێت , چۆن گرووپەکان لە یەکتری جیا دەبنەوە و چۆن چۆنیش بۆ یەکگرتن لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا , ڕیزبەندی " ڕیز بەستن " دەکەن ؟ یەکگرتنی ئەم عەقڵە وورد و تایبەتانە , چ بە شێوەی تاك بێت یان بە شێوەی گرووپ لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا , لە یەك کاتی دیاریکراودا و لەپڕ دەبێت , یان کاتەکانیان جیاواز و یەکگرتنەکانیش بەرنامەڕێژیی دەبن ؟ عەقڵە وورد و تایبەتەکان , ئارەزوومەندانە دەچن بۆ یەکگرتنەکان لەگەڵ عەقڵە گەورە و گشتییەکەدا , یان عەقڵە گەورە و گشتییەکە بە زەبری هێز نواندن لە خۆیدا ئەیانتوێنێتەوە ؟

ئەمانە کۆمەڵێکن لەو پرسیارانەی کە چاوەڕوانی وەلام دەکەن . من نازانم لە پرۆسەی درێژ بوونەوەی نووسینەکانمدا و لە شوێنی تردا دەچمەوە سەر وەلامدانەوە بەم پرسیارانە یان نا , بەلام لە کاتی ئێستادا و لەم ووتارەدا , دەرفەت نارەخسێت . بابەتێکی تر کە بە پەیوەند بەم عەقڵ و دەسەڵاتەوە دێتە گۆڕێ , خاوەنداریەتی یەکێکیانە بۆ ئەوی تریان " واتە یان عەقڵ خاوەنی دەسەلاتخوازی بێت , یان دەسەلاتخوازی خاوەنی عەقڵ بێت " یان هاتنی سەربەخۆی هەردووکیانە بۆ ناو یەك کایەی هەڵسووڕان و لەوێشەوە ئاوێزان بوونیانە بە یەکتری ؟ ئەگەر عەقڵ خاوەنی دەسەلاتخوازیی " دەسەلاتخوازیی خواستێکی دەروونی مرۆڤە " بێت , ئەوا کۆمەڵێك پرسیار بۆ وەلام وەرگرتنەوە قووت دەبنەوە " ڕاست دەبنەوە " . لەو پرسیارانەی کە لەم بارەیەوە دەکرێت : بۆ عەقڵ خاوەنی دەسەلاتخوازییە ؟ پرۆسەی ڕوودانی خاوەنداریێتییەکە چۆن چۆنییە ؟ مەرامی عەقڵ لە پشتی ئەم خاوەنداریەتییەوە چییە ؟ عەقڵ خۆی ئەمە دەکات , یان پێی دەکەن ؟ ئەگەر بە زۆر عەقڵ دەکرێت بە خاوەنی دەسەلاتخوازیی , ئەو هێزە یان ئەو هێزانە کێیە و کامانەن ؟ کاتی ڕوودانەکەی , چرکەساتێکە یان مێژوویەکی پڕ لە چرکەساتە ؟ کەی و چۆن کۆتایی بەم خاوەنداریەتییە دێت ؟ پاش

کۆتایی هاتن بە خاوەنداریەتییەکەی , چی ڕوو دەدات ؟ پەیوەندی ئەم خاوەنداریەتییەی عەقڵ بۆ دەسەلاٚتخوازیی لەگەڵ پێناسەکەی عەقڵ خۆیدا چییە ( پێناسەی عەقڵ : ئامرازی بالاٚنسە لە نێوان ئارەزووەکان و بەدیهاتنەکانیاندا . ئەڵبەتە لە نووسینەکانی ئەم دواییانەمدا ئەوەش دراوەتە دەم ئەم پێناسەیە , کە عەقڵ ئامرازی زیندوو ڕاگرتنیشیانە " واتە زیندوو ڕاگرتنی ئارەزووەکان " ) ؟ ئەم پرسیارانەی سەرەوە , لەمەڕ ئەگەری خاوەنداریەتی عەقڵەوە بوو بۆ دەسەلاٚتخوازیی . خۆ ئەگەر دەسەلاٚتخوازیی خاوەنی عەقڵ بێت , ئەوا دیسانەوە کۆمەڵێك پرسیاری دیکەی لەو بابەتەی سەرەوە , ڕێچکە دەبەستنەوە . ئەڵبەتە من لە ووتارەکانی پێشوومدا , باسم لەوە کردووە کە نە عەقڵ خاوەنی دەسەلاٚتخوازییە و نە دەسەلاٚتخوازییش خاوەنی عەقڵە , بەڵکو هەردووکیان دەچنە خانەی بەشە بوونیە ناوەکییەکانەوە " بەشە بوونییە ناوەکییەکان بریتین لە خواستە دەروونییەکان و خەیاڵ و عەقڵ و ....هتد" .

عەقڵە وورد و تایبەتییەکان و عەقڵە گەورە و گشتییەکە , لە ڕاستیدا لە ناو بازنەی دەسەلاٚت و پێکهاتەکانیدا , ئاوا لای منەوە دەناسرێن ,, ئەگینا لە دەرەوەی پێناسەی دەسەلاٚتدا , کۆمەڵێك عەقڵی سەربەخۆ و لە هەمان کاتیشدا ئاوێزانن بە شێوەی دی بە یەکتری . لە ووشەی سەرکەوتندا , گۆڕان و پێکەنین و چێژ بردن و ژێرکەوتن و بەرەنگار بوونەوە و ...هتد بوونیان هەیە . لە ووشەی پێکەنیندا , سەرکەوتن و خۆشبەختیی و گریان و گۆڕان و ...هتد بوونیان هەیە . لە هەموو ووشەیەکدا کۆمەڵێك ووشەی دیکە هەن . یانی هەموو ووشەیەك لە ناو خۆیدا سیستماتیکە . بە واتایەکی دی , هەموو ووشەیەکی تاك , کۆمەڵێك ووشە بەندن پێیەوە . کەواتە هەموو ووشەیەك کۆبەندە . هەموو ووشەیەکی تاك کە کۆبەندە , خۆیشی " واتە ووشە تاکەکە " دەبێتەوە بە ووشەیەك لە هەموو ئەو کۆبەندییانەی کە هەر یەکێك لە ووشەکانی کۆبەندییەکەی خۆی " واتە کۆبەندی ووشە تاکەکە " دروستی دەکات . دەسەلاٚت وەکو ووشەیەکی تاکی کۆبەند لە ناو خودی خۆیدا ئاوێزانە بە کۆمەڵێك ووشەی دیکەوە , کە من ئەو ووشانەم , بە شێوەیەکی گشتی , لە ووشەی سەرەوەریدا کۆکردووەتەوە . بە ڕای من هەرچی ووشە هەیە " ئەگەر نەڵێم بە شێوەیەکی ڕەها , ئەوا دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی " , هەموویان تاکی کۆبەندن . ئەو عەقڵە وورد و تایبەتییانەی پێکهاتەکانی دەسەلاٚت , بریتین لەو عەقلاٚنەی کە کۆبەندییەکەیان لە ووشەی دەسەلاٚتدا دروست کردووە . عەقڵە گەورە و گشتییەکەش , عەقڵی ووشە تاکەکەیە کە خودی دەسەلاٚت خۆیەتی . یانی هەموو ووشەیەك کە تاکی کۆبەندە خاوەنی عەقڵێکی گەورە و گشتییە کە هی ووشە ئەسڵییەکەیە و بە تاك دەیناسینەوە لە تاکی کۆبەندیدا , وە عەقڵە وورد و تایبەتییەکانیش کە هی ئەو ووشانەن کۆبەندییەکەیان دروست کردووە , هەر بە کۆبەند دەیانناسینەوە لە هەمان ووشەی تاکی کۆبەندا . بەلاٚم ئەوەی کە جێگای سەرنجە , عەقڵە گەورە و گشتییەکە خۆی , بریتییە لە کۆی عەقڵە وورد و تایبتییەکان و شێوەیەکی جیاواز لە بەرانبەر هەموویاندا بە خۆیەوە دەگرێت . مانای ووشەش هەر بە هەمان شێوە بریتییە لە کۆی مانا وورد و تایبەتییەکانی ووشەکانی ناو کۆبەندەکە . وە چۆن لە ووشەی تاکی کۆبەندا یەك عەقڵ و یەك مانای گەورە و گشتیی دەردەکەوێت , سەبارەت بە دەنگ و مۆسیقاش هەر هەمان شتە . ئەو تیۆرییەی کە باس لە زمان دەکات وەکو جیاکاری و بوونی ووشەکان دەباتەوە سەر جیاکارییەکانیان , تەنها لە یەك لاوە ڕاستییەکان دەپێکێت . واتە پەی بە یەك ڕاستیی بردووە لە ووشەدا نەك بە هەموو ڕاستییەکان . ڕاستە جیاکاری بۆ ناسینەوەی ووشە گرنگە , بەلاٚم لەو گرنگتر , تاکی کۆبەندە . لە تێگەیشتن لە تاکی کۆبەندەوە , تێگەیشتن لە ووشە بە دەست دێت , نەك لە تێگەیشتن لە جیاکارییەوە . جیاکاری خۆی بەشێکە لە ناو تاکی کۆبەندا .

دۆزینەوەی سیمای دەسەلاٚت لە عەقڵدا دژوار نییە . ئەم تێگەیشتنە , جگە لەوەی لە باری لۆژیکییەوە دروست دێتەوە ,پەی بردنیشە بە پەیوەندییە ناوەکییەکانی نێوانیشیان .

بە ئامراز بوونی عەقل ٚبۆ بالاٚنس پێکردنی خواستی دەروونی مرۆڤ و بەدیهاتنەکانی , کە لە سنووربەندییەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە ,,دەسەلاٚت وەکو ئامرازی جێبەجێ کردن , لە هەناویدا بوونی هەیە . ئەوە عەقڵە, کە نەخشە دادەڕێژێت بۆ بەدیهاتنی ئارەزوویەکی مرۆڤ , یانی کارێك لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکدا بە ئەنجام دەگەیەنێت , . لە پشتی هەموو بە ئەنجام گەیاندنی کارێکەوە , سەروەرییەك بوونی هەیە . ئەگەر کار لە پرۆسەی بەکارهێنانی هێزدا , بە شوێن مەرامێکەوەیە و پێی دەگات ,, یانی سەروەرییەك , جا بۆ هەر کەسێك بێت , بە دەست هاتووە . کە لە پرۆسەی بەکارهێنانی هێزدا , سەروەری بەدەست بێت , یانی دەسەلاٚتێك هاتووەتە بەرهەم . هەرچەندە ئەم دەسەلاٚتە لە ناو عەقڵدا , بوونێکی کۆنکرێتیی " عەینیی " نییە , وەك دەسەلاٚتە عەینی و بەکارهاتووەکەی ناو پەیوەندییە کۆمەلاٚیەتییەکان ,, بەلاٚم دەسەلاٚتی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا , لە ڕاستیدا گوێزانەوەی ئەو دەسەلاٚتەی ناو عەقڵە بۆ مەیدانی پەیوەندییە کۆمەلاٚیەتییەکان . عەقڵ وەکو یەکێك لە بەشە بوونییە ناوەکییەکان کە لە خەیاڵەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی سنووربەندییەکان و لە پێناوی خۆویستنی مرۆڤدا , دێتە بەرهەم ,, بێ هەبوونی سیمای دەسەلاٚت لە ناویدا , ناتوانێت وەکو بوویەکی پێویست و بەکەڵك , هەڵسووڕێت و چالاکییەکانی بباتە پێشەوە . نەخشە دارشتنی عەقڵ لە دووتوێی هەلومەرجێکی دیاریکراودا و بۆ دروست کردنی سنووربەندییەك , کە لە پێناوی هاتنەدی خواستێکی دەروونیدایە , یانی لە باری تیۆرییەوە دەچێتە پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی کارێکەوە کە پێداویستییەك پڕ دەکاتەوە و سەروەرییەکیش بۆ خاوەنەکەی بەرهەم دەهێنێت . هیچ کارێك لە دنیادا دەستی پێ نەکردووە و بە

ئه نجام نه‌گه‌یشتووه , ئه‌گه‌ر عه‌قڵ بڕیاری له سه‌ر نه‌دابێت . هه‌میشه عه‌قڵ بڕیاری داوه , جا كار كراوه . خودی بڕیاردان خۆی ده‌سه‌ڵاته . مادام له ناو عه‌قڵدا بڕیار هه‌یه , یانی له ناو عه‌قڵدا ده‌سه‌ڵات هه‌یه . یه‌كێك له توخمه‌كانی عه‌قڵ , به ئاگا بوونه . ئه‌م به ئاگا بوونه , جگه له‌وه‌ی كه كرۆكی بزووتنه‌وه " حه‌ره‌كه " له دیارده‌ی عه‌قڵدا پێك ده‌هێنێت , سیمای ده‌سه‌ڵاتیش له ناویدا جێكه‌وته‌یه . لۆژیك كه ئامڕازی "پێوان "ه له عه‌قڵدا , به زۆریی له‌م " به ئاگابوون " ه‌وه , سه‌رچاوه ده‌گرێت . به‌ئاگابوون و لۆژیك و ده‌سه‌ڵات , له پێكهاته‌كانی عه‌قڵن . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه , به‌ئاگابوون , پێكهاته‌یه‌كی عه‌قڵه , هێزی بزوێنه‌ریشه تیایدا " واته له ناو عه‌قڵدا " . نه‌خشه داڕشتنی عه‌قڵ و بڕیاردان تیایدا , له بناغه‌دا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌م توخمی " به‌ئاگابوون " ه .

ئه‌وه‌ی كه عه‌قڵ و ده‌سه‌ڵاته تاكایه‌تی و سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان به یه‌كه‌وه ده‌به‌ستێته‌وه , له لایه‌نێكیدا ئه‌م سیمای ده‌سه‌ڵاته‌یه له ناو عه‌قڵدا ,, وه له لایه‌نێكی دیكه‌شیدا " به‌جیا له‌وه‌ی كه عه‌قڵ به شێوه‌یه‌كی گشتی جه‌وهه‌ری ده‌سه‌ڵات پێك ده‌هێنێت " خول خواردنی عه‌قڵ و ده‌سه‌ڵاته به ده‌وری خۆویستنی مرۆڤدا . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه سیمای ده‌سه‌ڵات له ناو عه‌قڵدا هه‌یه , عه‌قڵیش بۆ خۆی توخمێكی ناو ده‌سه‌ڵاته .

من لێره‌دا نامه‌وێت بچمه ناو درێژه پێدانی زیاتره‌وه , چونكه ووتاره‌كه‌م له بناغه‌دا بۆ ئه‌م باسه ته‌رخان نه‌كراوه . مه‌سه‌له‌ی عه‌قڵیش وه‌كو توخمێكی ناو ده‌سه‌ڵات , لێره‌دا كۆتایی پێ ده‌هێنم و ده‌چمه سه‌ر توخمێكی دیكه‌ی كه گۆڕانه .

به‌كار هێنانی هێز له لایه‌نێكیدا , دروست كردنی گۆڕانكارییه . جا ئه‌و گۆڕانكارییه به چ پله‌یه‌ك بێت و چ پانتاییه‌ك داگیر بكات , هاوكێشه‌كه لاسه‌نگ ناكات . ناكرێت هێز به‌كار بێت و گۆڕانكاری په‌یدا نه‌بێت . هه‌موو به‌كارهێنانی هێزێك , گۆڕانكاری له پرۆسه و ئه‌نجامیدا " واته پرۆسه و ئه‌نجامی به‌كارهێنانی هێز " به‌شداره . گۆڕان له ووشه‌ی سه‌روه‌ریشدا ئاماده‌یه . مادەم سه‌روه‌ری هه‌یه , یانی گۆڕانكارییه‌ك ڕوویداوه . گه‌وره‌یی و فراوانی گۆڕانكاری له ده‌سه‌ڵاتدا , به‌ستراوه‌ته‌وه به گه‌وره‌یی و فراوانی به‌كارهێنانی هێز و به‌ده‌ست هاتنی سه‌روه‌رییه‌وه . تا هێزه‌كه زۆرتر بێت و دروستتر به‌كار بێت و ئاراسته‌ی ڕوو له‌سه‌ری باشتر بگرێته به‌ر , مه‌ودای گۆڕانكارییه‌كه فراوانتر و سه‌روه‌رییه‌كه‌ش گه‌وره‌تر و جێگیرتر ده‌بێت . سه‌روه‌ری كه خۆی به‌رئه‌نجامی به‌كارهێنانی هێزه له سه‌ر به‌رنامه‌ڕێژیی عه‌قڵ , به مانای به‌ده‌ستهێنانی گۆڕانكارییه‌كه له كێشه و هه‌لومه‌رجێكی دیاریكراودا . گۆڕان , ووشه‌یه‌كی ناو كۆبه‌نده‌كه‌ی سه‌روه‌رییه , كه سه‌روه‌ریش بۆ خۆی تاكه كۆبه‌نده‌كه‌یه . به‌كارهێنانی هێز و سه‌روه‌ری , كه پرۆسه و به‌رئه‌نجامن , هه‌ڵگری گۆڕانكارییه‌كیشن كه ده‌یهێننه به‌رهه‌م . گۆڕانكاری , ده‌رهاویشته‌یه‌كی زیاده نییه له ناو ده‌سه‌ڵاتدا , به‌ڵكو له هه‌ناوی ده‌سه‌ڵاتدا به‌شێك له پرۆسه‌كه و یه‌كێك له پێكهاته‌كانیه‌تی . ئه‌ڵبه‌ته كات و شوێن و هه‌لومه‌رج و بزووتنه‌وه " خه‌ره‌كه " , له‌و توخمانه‌ن كه ڕۆڵی تایبه‌تی حۆیان هه‌یه له پێگه‌یاندنی گۆڕانكاریدا . گۆڕانكاری له ناو خودی ده‌سه‌ڵاتدا , سه‌ربه‌خۆ بوون و په‌یوه‌ست بوونی , له یه‌ك پرۆسه‌ی به‌رده‌وامدا , به یه‌كتریدا ئاڵاوون .

چێژ وه‌رگرتن , یه‌كێك له هۆكاره‌كانی به ده‌ست هێنانی ده‌سه‌ڵاته . له ناو خودی ده‌سه‌ڵاتدا جێكه‌وته‌یه . له دووتوێی خواسته ده‌روونییه‌كاندا , ده‌بێته یه‌كێك له پێكهاته‌كانی به‌شه بوونیه ناوه‌كییه‌كان . وه‌لانانی چێژ وه‌رگرتن له ده‌سه‌ڵاتدا , یانی وه‌لانانی ده‌سه‌ڵات خۆی . هه‌موو خاوه‌ن ده‌سه‌ڵاتێك به گوێره‌ی بڕی ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی , مه‌زنایه‌تییه‌كه‌ی خۆی ده‌بینێت . ئه‌م مه‌زنایه‌تییه , شۆڕوشه‌وقێك ده‌باته ناخیه‌وه , كه هه‌موو چركه‌ساتێكی , چێژ وه‌رگرتنێكه . گرنگیدان به قسه‌ی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات , ڕێز گرتن له كه‌سایه‌تییه‌كه‌ی , ڕاپه‌ڕاندنی كاره‌كان بۆی , پیشاندانی ملكه‌چی له ئاستیدا ,, ئه‌مانه هه‌موو له‌و ئامڕازانه‌ن كه چێژ وه‌رگرتن له ژیان , ده‌به‌خشنه خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات . ئه‌و مه‌زنایه‌تییه‌ی كه خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات به سه‌ر خه‌ڵك و هه‌وادارانی خۆیدا پیاده‌ی ده‌كات , كاكڵه‌ی چێژ وه‌رگرتنێكه كه ئاماده نییه , ئه‌گه‌ر بۆ چركه‌یه‌كیش بێت , له ده‌ستی خۆی بدات . دووكه‌رت بوون له حزبه‌كاندا " به هه‌موو حزبه كۆمۆنیسته‌كانیشه‌وه له سه‌رانسه‌ری دنیادا " , هه‌میشه له ده‌سه‌ڵاتخوازیی ڕابه‌ره‌كانه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت . ده‌سه‌ڵاتخوازیی له پرۆسه‌ی به‌رجه‌سته بوونه‌وه‌ی خۆیدا كه به‌رهه‌م هێنانی ده‌سه‌ڵاته , سامانه مادیی و مه‌عنه‌وییه‌كانیش له‌گه‌ڵ خۆیدا به‌رهه‌م ده‌هێنێت . ئه‌م سامانه مادیی و مه‌عنه‌وییانه له ناو حزبه ڕاست و چه‌په‌كانی دنیادا , بناغه‌ی كاری ڕابه‌ره‌كان پێك ده‌هێنێت . چێژ بردن له ده‌سه‌ڵات , به‌جیا له‌وه‌ی چێژ بردنه له هاتنه‌دی ئاره‌زووی ده‌سه‌ڵاتخوازیی چێژ بردنیشه له‌و سامانه مادیی و مه‌عنه‌وییانه‌ش كه ده‌سه‌ڵات له‌گه‌ڵ خۆیدا ده‌یانهێنێت .

له ووشه‌ی سه‌روه‌ریدا , نه‌ك هه‌ر ته‌نیا سه‌ركه‌وتن و كۆنترۆڵ و ئۆرگه‌نایز بوون و هه‌ڵاواردن و عه‌قڵ و گۆڕان و چێژ وه‌رگرتن , كۆبوونه‌ته‌وه ,, به‌ڵكو چه‌ندین ووشه‌ی دیكه‌ی وه‌كو بزووتنه‌وه و كات و شوێن و ده‌ستكه‌وت و خۆنواندن و مێژوو ....هتد له‌گه‌ڵیاندا , ئاماده‌ییان هه‌یه . چوونه ناو شیكردنه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و ووشانه‌ی كه له‌گه‌ڵ سه‌روه‌ریدا و له ناو خودی ئه‌و سه‌روه‌رییه‌دا , هه‌موانییه‌ك پێك ده‌هێنن ,, من و خوێنه‌ر ده‌باته مه‌یدانێكی دیكه و باسێكی جیاوازتره‌وه كه مه‌یدان و باسی تاكی كۆبه‌نده . نه به ڕه‌وای ده‌زانم , له‌م ووتاره‌دا , زیاتر بچمه پای درێژه‌دانه‌وه به تاكی كۆبه‌ند , وه نه پێویست بوونی زیاتریش له‌م ڕووه‌وه ده‌بینم بۆ شۆڕبوونه‌وه به ناو ووشه‌ی سه‌روه‌ریدا .

هێز كه ووزه‌یه‌كی وه‌به‌رهاتووی چالاكییه‌كانی كۆمه‌ڵێك له ئه‌ندام و كۆئه‌ندامه‌كانی له‌شی مرۆڤن , له به‌كارهێنانیدا كار و له دروست كردنی سه‌روه‌ریشدا , ده‌سه‌ڵات دروست ده‌كات . ده‌سه‌ڵاتی مرۆڤه‌كان له به‌رانبه‌ر یه‌كتریدا , پاشكۆی ده‌سه‌ڵاتی مرۆڤه‌كان خۆیانن له به‌رانبه‌ر سروشتدا . ئه‌گه‌ر

**له لایه‌نێکیدا چاره‌سه‌ر نه‌کردنی کێشه‌ی ده‌سه‌لاَت له نێوان مرۆڤه‌کاندا " واته مرۆڤه‌کانی هه‌ر هه‌موو دنیا " بگه‌ڕێته‌وه بۆ هه‌ژاریی و ده‌ستکورتی عه‌قڵ له‌و بواره‌دا , ئه‌وا له لایه‌نێکی تریدا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ بێتوانایی مرۆڤ له به‌رانبه‌ر سروشتدا . به‌و ڕاده‌یه‌ی مرۆڤه‌کان له ململانێییاندا له‌گه‌ڵ سروشتدا ده‌چنه پێشه‌وه , به‌و ڕاده‌یه ده‌رگیرییان له‌گه‌ڵ یه‌کتریدا که‌م ده‌بێته‌وه .**

**بژار** 2007\01\29